## قاچاخچییەكانی ئاسمان ... ARYA TRAVEL




یەكێک لە باشترین كارەكانی حكومەتی هەرێم بە هەردوو ئیدارەكەیەوە ئاوەداكردنەوەی هەردوو فرگەی سلێمانی و هەولێر بووە، جێگەی داخە لە بەر هەر هۆیەک بێت!! (كە دوورنیە سیاسی بێت) سەرەرای‌تێپەربونی ماوەیەک (كە بەكەم دانانرێت) بەسەر كردنەوەیان دا تا ئێستا نەتوانراوە كە بە شێوەیەكی باش رێكوپێک هاتوو چۆ لە نێوانیان و لە نێوان فرگە جیهانیەكان دا رێک بخرێت.

ماوەیەكە هەندێک كەس بە ناوی كۆمپانیای جۆربەجۆروە لە ئەورووپاوە گەشت بۆ ئەم دوو فرگەیە رێک دەخەن. لەوانەش كۆمپانیای (ئاریا تراڤڵ ARYA TRAVEL) ە. كە مەبەستی سەرەكی ئەم نوسینەیە. (لەسەر كۆمپانیاكانی تر هیچ زانیارییەكی نێگەتیڤمان لە دەستدا نیە كار ئێمەش نیە ئیشی ئەو كۆمپانیایانە هەڵسەنگێنین. كە لەسەر ئاریا تراڤڵ دەنوسین چونكە بە چاوی خۆمان دیتمان دەزانین چیمان بەسەر هاتووە) .

كارەكانی ئاریا تراڤڵ ARYA TRAVEL لە ئەورووپاوە شالاو و كاروان ناوێک لە هۆڵنداو لە كوردستانیش لاوەند ناوێک لە هەولێرو ئالان ناوێک لە سلێمانی بەرێوەیان دەبەن.

بۆ ئەوەی كەس بەدەردی ئێمە نەچێت و كەسیش بە دعایەو پروپاگەندەكانیان هەڵنەخەڵەتێت پوختەی بەسەرهاتی گەشتەكەی خۆمانتان بە ئاریا تراڤڵ ARYA TRAVEL بۆ دەگێرینەوە تا ئەو كۆمپانیایە چاوێک بە كردەوەكانی خۆیاندا بخشێننەوەو كاربەدەستانی لایەنە بەرپرسیارەكانی كوردستانیش بەتایبەتی بەرێوەبەرایەتی فرگەی هەولێر سنورێک بۆ نابەرپرسیارێتی ئەم كۆمپانیایەو بەرێوەبەرانی دابنێن كە كارێكی زۆر نەگەتیڤ دەكاتە سەر ناوبانگی گەشتوگوزار بۆ كوردستان بەتایبەتی بۆ فرگەی نێودەوڵەتی هەولێر.

لە 19. 01. 2006 بە داوەتێكی وەزارەتی رۆشنبیری حكومەتی هەرێم (هەولێر) لەگەڵ چەند دۆستێک دەچووینە كوردستان، هەموو بریارمان وابوو كە مادام فرگە لەكوردستان هەیە یەكسەر بە فرۆكە بفرین بۆ هەولێرو هیچ رێگەیەكی تر بۆ هەولێر نەگرینە بەر. بۆیە كەوتینە سۆراخی بلیت پەیداكردن لە ئینتەرنێتدا تا بەهەر رێگەیەک بوو ناونیشانی ئاریا تراڤلمان ARYA TRAVEL كەوتە دەست. دووای پەیوەندی و تەلەفۆن وتەلەفۆنكاری بلیتمان بەدەست كەوت پێیان گوتین كە گەشتی راستەوخۆیان نییە، بەلأم گەشتەكەیان وەک راستەوخۆوایە چونكە لە ئەمستەردام یەكسەر دەچینە یۆنان و لەوێ 40 دەقیقە بۆ بەنزین تێ كرن دەوەستین ئیتر دەفرین بۆ هەولێر، ماوەی گەشتەكە نزیكەی9 كاتژمێر بە جیاوازی 2سەعات لە كات ادا دەخایەنێت.

هیچ چارێكی ترمان نیە هەرچۆنێک بێت زۆر باشترە لەوەی كە بكەوینە بەر ئیهانەكردنی پاسدارو جەندرمەو موخابەرات، كە ئەم رێگە یە بۆ هەولێر هەبێت كێ بێت بیەوێت كە رێگەیەكی تر بگرێتەبەر لەكاتێكدا كە رێگەی كوردستانی بە ئاسماندابۆ والأ بێت.

دەبوو کاتژمێر 18. 00 لە فرگەی ئەمستەردام ئامادەبین بەو هیوایەی کە کاتژمێر 20. 10 بفڕین بۆ یۆنان (سالۆنکی) بەڵام هەر زوو گوتیان کە تەنها یەک کاتژمێر دووادەکەوین ئەمەش زۆر ئاساییە. ئیتر جانتاو کەل و پەلی کەدەبوو باربکرێن (شحن) دامانە جێگەی تایبەت بە خۆی و چاوەڕوانی سەعات21. 10 بووین، نەخێر هێندەی نەبرد بە کەسانی تر گووترا بوو 2سەعات دووا دەکەویت، دوواتر بە هەندێک گووترابوو 3 سەعات و تا هەموو ئەوانەی کە بلیتیان کڕیبوو جانتاو کەلوپەلیان تەسلیم کرد، ئیتر گووتیان کە دەبێت هەموو بڕۆینە ژورەوە بۆ هۆڵی دیاری کراو، دوواتر کۆمەڵی بەرپرس لە کۆمپانیای ئاریاتراڤڵ پایدۆزیان لێ کردو شوێنەواریان بزر بوو، بۆ دەرمانیش کەسێکیان بەدی نەکرا، ئێمەش کە ژمارەمان لە 70- 80 کەس دەبوو لەو هۆڵەدا هەر چاوەڕوانمان دەکرد کە سێک نەبوو زانیارییەکمان بداتێ لە سەر دوواکەوتنی فڕۆکەکەک، تا سەعات 2ونیوی نیوە شەو ئەنجا فڕۆکە گیان بەخێرێ هات بەو هیوایەی کە بەرەو یۆنان بەڕێبکەوین. نەخێر جارێ بوو بە بە هەرایەک تا بەسەر کەوتین، دەبێت ئەوە بڵێم کە فڕۆکەکە هی کۆمپانیای ئەلێکساندرای یونانی بوو. دەستەی ڕێکخەر بۆ سوار بوون کەوتنە فەرق و جیاوازی
هەندێک کە سەر بەخۆیان بوون و هەندێک قژ زەردی ئەوروپی لە مرۆڤەکانی تر زیاتر بووون و بۆ سواربوون خرانە پێش هەمووان، ئەمەش قەیدی نیەو باوابێ ئەوان خاوەن فڕۆکە و ئێمە بیانی قژڕەش، گرنگ ئەوەیە بە ڕێ بکەوین و بە سەلامەتی بگەینە جێ، بە هەردەردەسەرییەک بوو کاتمان تەواوکردو بە نزیکەی دوو سەعاتێک بەسەر کەوتین، هەر ئەوەندەمان خۆش بوو کە پێمان نایە ناو فڕۆکە جگە لە پیس و پۆخڵی و هەواو بۆنی ناخۆشی ناو فڕۆکە هەراهەرایەک بوو ئەوسەری دیارنەبێت تەنها گوێمان لە بۆڵەو پرتە ناڕەزایی دەربڕین بوو، کە دیتمان لە فڕۆکەکەدا زیاتر لە 70-80 کەسی تر هەن ئام هەژارانەش وەک ئێمەیان بەسەر هاتووە و لە هەولێرەوە پێیان گووتراوە ڕاستەوخۆ دەچنە ئەمستەردام دووای 40 دەقیقە حەوانەوە دەچنە کۆپن هاگن. ئەو کات ئیمەش زانیمان کە پەنمان پێدراوە سەرەتا ناچینە یۆنان بەڵکو دەچینە دانیمارک/کۆپنهاگن، دوواییی لەوانەیە بچینە یۆنان. هەراو هوریا هەر بەردەوام بوو داوایان لە تازە سواربووان کرد کە دەبێت لە بەر بالانسی فڕۆکە هەموو بچنە دوواوە دابنیشن، لە دوواوەش جێگە نەبوو، هەرچۆنێک بوو پێشەوەیان بە ئێمە چۆڵ کرد و کەسی تیا نەما هەر ئەوەندەمان زانی کە تاقمێکی بیانی سەربە خۆیان هێنا لە پێشەوە دایاننیشاندن ئیتر چەند کەس لە تازە سواربووان جێگەی دانیشتنیان نەما ناچار بەپێوە وەستان. بە هەرحاڵ بەڕێکەوتین تا دووای سعات ونیوێک گەشتینە دانیمارک و برادەرانی کە لە هەولێرەوە هاتبوون دابەزین بو سەلامەتی دووای گەشتێکی پڕ لە دەردەسەری 17 سەعاتی گەشتن، لە کاتێکدا کە پێیان گوترابوو بە 6 سەعات دەگەن. یەکێک کە لە هەولێرەوە هاتبوو بەم شێوەیە گێڕایەوە کە: (دەبوو سەعای 14 فڕۆکەکە لە هەلێر بفڕیایە بە لام دوواتر پێمان گووترا سەعات 16. 45 دەقیقە دەفڕین بەڵام سەعات 19. 30 واتە 5 سەعات و نیو دوواتر فڕی، چونکە 12-13 کەس کە لە سلێمانیەوە هاتبوون بەزۆر سواربوون چونکەOK یان هەبوو بەڵام جێگەیان نەبوو. لەو کاتەشەوە کە سوار بووین زیاتر لە 10جار دوای ئاومان کردوە قومێک ئاوییان پێ نەداین هەر خنکابین لە تونیاندا. )
با بێمەوە سەر باسی خۆمان، لە دانیمارک 2 سەعاتێک دوواتر فڕین تا سالۆنکی لە یۆنان لەوێش دوای 3 سەعات چاوەڕوانی بەهەر حاڵ سەعات 16. 30 بە کاتی هەولێر گەشتین واتە زیاتر لە14 سەعات لەناو فڕۆکەدا بووین بە بێ ئەوەی بزانین کە چۆن و کەی دەگەین

و هۆکاری دوواکەوتنمان چی بووە، بەبێ ئەوەی کەسێک ڕوونکردنەوەیەک بدات یان داووای لێبووردن لە سەرنشینەکان بکرێت، بەبێ ئەوە بۆمان ڕونبکرێتەوە بۆچی بە ڕێگەیەکی تردا فڕین کە بڕیار وا نەبووە.
کە ئەو حاڵەم بینی یەکسەر ترسی گەڕانەوەم لێ نیشت هەر بۆیەش یەکسەرو بۆ ڕۆژی دوواییی کەوتمە مشور خواردنی، لە ڕاستیدا ترسەکەم لە جێی خۆیدابوو، ئێمە پێمان ڕاگەیەندرابوو کە دەبێت 3-5ڕۆژ زووتر بۆ گەڕانەوە OK بکەین، منیش کە کاری ڕەسمیم هەبوو مۆڵەتەکەم تەنهابۆ 10 ڕۆژ بوو دەمویست کە بۆ هەفتەی ئایندە25. 01. 2006 بگەڕێمەوە هەر بۆیە بۆ ڕۆژی دوواییی یەکسەر پەیوەندیم کرد بە نوسینگەی ئاریا تراڤڵەوە ARYA TRAVEL لە هەولێر، گوتیان کاکە دەبێت بێیت بۆ لامان، چووم داخرابوو، تەلەفۆنم کرد وەڵام نەبوو، ئەویش داخرابوو، دووای زیاتر لە سەعاتێک چاوەڕوانی لەبەر دەمی نوسینگەدا چەند کەسێکی تریش هەر چاوەڕوان بوون هەموو هەر هەوڵی تەلەفۆنکردنمان بوو یەکێک لەوانەی کە چاوەڕێی دەکرد وتی دووای سەعاتێکی تر دێن، نەخێر دووای نزیکەی دوو سەعات هاتن، گوتیان کە کێشەیان لە گەڵ کۆمپانیای خاوەن فڕۆکەدا (ئەلێکساندرا) دا هەیەو جارێ نازانن کەی سەفەر بۆ گەڕانەوە دەبێت بەڵام بە دڵنیاییەوە کە هەفتەی ئایندە بە هیچ شێوەیەک سەفەر نیە، چونکە فڕۆکە نییە. دەبێ دووای 3 ڕۆژی تر پەیوەندی بکەین تا بزانین کە بۆ هەفتەی دووای هەفتەی ئایندە سەفەر دەبێت یان نا.
دوای سێ ڕۆژ چوومەوە گوتیان بەیانی وەرە ئەوجا دەزانین کە 01. 02. 2006 سەفەر هەیە یان نا، من دەمویست 25. 01. 2006 بگەڕێمەوە، گوتیان بە هیچ شێوەیەک گەشتمان نی یە چونکە فڕۆکەمان نیە و گرێبەستەکەمان هەڵوەشاندۆتەوە، کاتێک گوتم یەک هەفتە دواکەوتن زۆر زۆرە، کاک لاوەند گوتی: زۆر ئاساییە لە هەموو وڵاتێک دا دواکەوتن دەبێت، گوتم چەند سەعاتێک نەک ڕۆژو هەفتە لەبەر هۆی نائاسایی، گوتم من کارم هەیە لەوانەیە لە کارەکەم دەربکرێم گوتی ئەوە کێشەی ئێمە نیە، بە هاوارێک گوتی هەموو بەیانی وەرنەوە یان تەلە فۆن بکەن، گوتم دەچم بۆ سلێمانی گوتی موشکیلە نیە لەوێ دەتوانی Okبکەیت ئەوەش ژمارەی تەلەفۆن.
بۆ سلێمانی بەڕی کەوتم، ڕۆژی دوایی تەلەفۆنم کرد بۆ ژمارەی ناوبراو کە نوێنەری ئاریاتراڤڵ بوو هەتا نیوەڕۆ تەلەفۆنەکەی هەر داخرابوو، دوواتر کاک ئالان ناوێک وەڵامی داینەوە، گوتی بۆ ئەم هەفتەیە جێگەمان نەماوە، گوتم لە هەولێر گوتیان ئەم هەفتەیە هەر سەفەر نییەگوتی هەیە بەڵام جێگە نیە، بەهەر حاڵ گوتم تازە من ئەم هەفتەیەم لەدەست چوو بۆ هەفتەی ئایندە OKدەکەم گوتی بچۆ بۆ نوسینگەی هاوار لەوێ دەتوانی بیکەی، چوم کەس لە مەسەلەی ok ئاگادار نەبوو، بە پرسیار گوتیان بەڵێ تەنها ئەم کیژە ئەو کارە دەکات ئێمە هەقمان نیە بە سەریەوە ئەولێرە بۆ کاک ئالان کاردەکات.
، گوتم کێشە نیە گرنگ okبکەم گوتی بێنە بلیتەکەت ئەوە ok نوسی لەسەر بلیتەکەم کە بریتیبوو لە پارچەکاغەزێکی زۆر ئاسایی مۆری کرد. دڵم حەسایەوە پشویەکم بەبەردا هات، تەلەفۆنم کرد بۆ برادەرەکانم گوتم من تەواو 0102. 2006 دەگەڕێمەوە، دوای 2 ڕۆژ دەبوو بچم بۆ هەولێر بۆ هەندێ کاری تایبەتی خۆم لەوێ برادەرانی خۆمانم بینی بۆم باسکردن کە لەسەر OK چیم بەسەر هاتووە باشتر وایە ئەوانیش بکەونە خۆیان تا وایان لێ بەسەر نەیەت، چونکە ئەوان بڕیار بوو دوای من بگەڕێنەوە. یەکێکیان گوتی با ئەمڕۆ بەیەکەوە بچین سەرێک لە ئاریا تراڤڵ ARYA TRAVEL بدەین منیش KO دەکەم، پێکەوە چوین

گوتیان تۆ دووای دووهەفتەی تر دەڕۆیت جارێ زووە و کاتت هەیە، ئەو وتی قەیدی چیە هەر OK دەکەم، گوتیان ئێستا نابێت دووای 2ڕۆژی تر وەرەوە، گوتم بێ زەحمەت من لە سلێمانی OKم کردوە بزانن ناوم هەیە، گوتیان هێشتا لیستەی سلێمانی نەهاتووە یان لە وێ پرسیار بکە یان 3ڕۆژ پێش ڕۆشتن تەلەفۆن بکە بۆ ئێرە، چومەوە سلێمانی تەلەفۆنم کرد بۆ کاک ئالان گوتم لیستەکە کەی دەنێرن بۆ هەولێر دەمەوێت دڵنیا بم کە ناوم هەیە یان نا بۆ ئەوەی کە لەهەفتەیەک زیاتر دووانەکەوم، گوتی ناوت؟ پێم گوت، گوتی ناوی تۆی تێدا نیە. خەریک بوو شەق بەرم، گوتی لەکوێ OK ت کردوە گوتم خۆت نەتگوت بچۆ بۆ نوسینگەی هاوار لە سەرچنار گوتی با بەڵام ناوەکانیان نەناردوە بۆ من. گوتم تۆ بەپرسیاریت دەبێت ئەم هەفتەیە هەر بڕۆم گوتی نابێت چونکە بەشی ئێمە هەر 50 نەفەرە جێگە نەماوە بۆ 09. 02. 2006 ناوت دەنوسم بڕۆ بە نوسینگەی هاوار بڵی بۆ ناویان نەناردویت، گوتم کاکە تۆ وەکیلی ئاریا تراڤڵیت ARYA TRAVEL تۆ منت ناردوە بۆ لای ئاوان دەموێت تۆ ببینم، دەبێت هەر بڕۆم من دوواکەوتوم، گوتی سەرێک لە نوسینگەی هاوار بدە دووایی وەرە بۆلای خۆم، کە چوومەوە بۆ هاوار پێیان گووتم ئێمە هیچ هەقمان بە سەر ئاریا تراڤڵەوە نیە تەنها کیژێک کە لێرە بووە کاری بۆ ئەوان دەکرد ئێستا ئەویش نایەت، چووم بۆ لای کاک ئالان گووتم چوم بۆ نوسینگەی هاوارو ئاوایان پێم گوت، گووتی یەکێکت بکێشایە بە دەمیاندا با... گوتم کاکە ئەوە کێشەی خۆتانە من دوواکەوتووم تۆش بە خەتابار دەزانم چونکە تۆ منت ناردوە بۆلای ئەوان یان ڕێگەی قانون و یاسا دەگرمە بەر یان دەبێت بەهەر ڕێگەیەک بووە لە ئێستاوە تا 01. 02. 2006 بمنێرنەوە لە جێگەیەکی تر بلیتم بۆ پەیدا بکەن، گووتی باشە ناوی یەکێک دەردێنم ناوی تۆ دەخەمە شوێنی، گوتم کاکە تۆ ماڵی قوڕبەسەرێکی تر خراپ دەکەیت، من بەمە ڕازی نیم، سەیرێکی کۆمپیوتەرەکەی (لاپتۆپ) کرد گوتی ڕێگەیەکی تر هەیە من خۆم دەزانم کە کەسێک بەڕەزامەندی خۆی لابەرم بۆ خۆی گوتویەتی گرنگ نیە ئەم هەفتەیە یان هەفتەی داهاتوو بگەڕێتەوە، ئیتر ناوی نوسیم گوتم بێ زەحمەت لەسەر کاغەزەکەش بۆم بنوسەو بیگۆڕەو مۆری بکە، هەر کە کاغەزی دیت ووتی کێ دەڵێت 01. 02. 2006 سەفەر هەیە، 02. 02. 2006 سەفەر هەیە چونکە گرێبەستی فڕۆکەکە گۆڕاوە لەگەڵ ئەلێکساندەر نەماوین گرێبەستی فڕۆکەیەکی سویدیمان هەیە 02. 02. 2006 زۆر دڵنیابە کە دەڕۆیت سەعات 01 لە فڕۆکەخانەی هەولێر بە دووانەکەویت ئەمە باشترە چونکە تۆ ناچیتەوە یۆنان بەڵکو یەکسەر دەچیت بۆ ئەمستەر دام بە منە تەوە گوتی فەرقی نرخی بلیتەکەشت لێ ناسەنم، زۆر تکام لێکرد کە ناوەکەم بنێرێت بۆ هەولێر تا دیسان دووانەکەوم، دڵنیای کردم کە هەر یەک سەعاتی تر دەینێرێت و بە ڕەنگی شین دەینوسێت ئەمەش واتای کە زۆر زەرورە، بۆ دڵنیایی دەتوانم لە بەیانی وە بەتەلەفۆن پرسیار لەهەولێر بکەم کە ناوم هەیە یان نا، تا 02 ی مانگ هەموو ڕۆژێک تەلەفۆنم دەکرد بۆ هەولێر و لەهەواڵی ناوو سەفەرو فڕۆکەم دەپرسی، هەرگیز پێیان نەگوتم کە ناوم هەیە یان نیە، گوتیان مادامەکی لە سولێمانی OK کردبێت کەواتە ناوت هەیە، دڵنیایان کردم کە سەفەر ڕاستە وڕاست لۆ ئەمستەردامە لە ئەلێکسادەر گەلەک باشترە..

2ی مانگ سەعات 08 بەیانی لەسلێمانی بەڕێکەوتم بۆ هەلێر لە سەعات11 من لەهەلێر بووم11، گوتم با تەلەفۆنێک بکەم بۆ ARYA TRAVEL ئاریا تراڤڵ بزانم، هەواڵی سەفەرو فڕۆکە چیە، هەر کە تەلەفۆنم دە کرد دەیانناسیمەوە چونکە دەیانزانی چیان بەسەرم هێناوە، گوتیان 2 سەعات دووادەکە وین سەعات 3 وەرە بۆ فڕگەی هەولێر، من خۆم پێ

نەگیرا سەعات 2 چووم پڕ بوو لە خەڵک کە چاوەڕوانیان دەکرد، بۆ ئەوەی کە کەلەپەل و جانتانیان شحن بکەن، سەرەم هات چوومە پێشەوە، چەند کەسێک هەرایان بوو کە ناویان نەهاتووە لەفتەیەک زیاتریشە OK یان کردوە، دووای گەڕان ناوی من لە لیستەی یەکەم دا نەبوو خۆم ئامادە کرد کە بیکەم بە هەرا باش بوو لە لیستەی دووەم دا ناوم هەبوو، ئەوجا گوتیان تۆ 8 کیلۆت زیادە دەبێت 70 دۆلار بدەیت، گوتم من لە بەر هۆی تەندروستی و کەم ئەندامی مافی 10کیلۆ زیاترم هەیە گوتی کاکە دەتەوێت فڕۆکەکە بکەوێتە خوارەوە باری زیادی لێ بنێین گوتم چار چیە گوتیان قیدی نیە 50 دۆلار بدە بۆت بار دەکەین دەکاتە 40 ئۆیرۆ ڕازی بووم بەس نەجاتم بێت لە ئاریاتراڤڵ ARYA TRAVEL دیاربوو لە بەر 50 دۆلارەکە ئیتر فڕۆکەکە ناکەوۆکەکە ناکەوتە خوارەوە، گوتیان سەعات 16. 30 دەفڕن، چومە هۆڵی فڕین چاوەڕوان بووم هەر نێوە نێو دەبووە دەنگەدەنگ و هەرا هەرا لەسەر نەبوونی ناو دەرێنانی ناوی کەسانێک و خستنەناوەوەی ناوی هەندێکی تر. بوو بە 16. 30 گوتیان سەعات 18. 00 دووایی بوو بە 19. 00 بوو بو 20. 00 بەهەر حاڵ سەعات 21. 45 لە هەلێر فڕین هەر کە فڕۆکە بەرزبۆوە بە کوردی گوتیان تەنها بەشی 21 نەفەر خواردن هەیە کەس دوای نەکات گلەیی نەکەن، من چونکە لە چووندا ئەو بەزمە م دیبوو پێویستم بە نانو خواردن و خواردنەوە نەبوو بەشی 24 سەعاتی داهاتوو زەخیرەم خستبوو، ژوای کەمێک گوتیان ئاگادارتاندەکەتنەوە کە ڕێگەی گەشتەکەمان بەم شێوەیە دەبێت سەرەتا دەچینە ئەسینا 25 دەقیقە دەوەستین بۆ بەنزین پڕکردن دوواتر دەچین بۆ ئەمستەردام. لە ئەسینا کە سەعات23. 30 شەو بوو بەکاتی ئەسینا لە سەعاتێک زیاتر وەستاین، لە فڕۆکەکەدانزیکەی زیاتر لە 10 کەس بە پێوە و بە بێ جێگە هەبوون لەسەر جانتاکانیان لە ژواوە دانیشتبوون. دووایی دەرچووین سە عات 3. 20ی شەو بەکاتی هۆڵەندا گەشتینە ئەمستەردام.

بەم دەردەسەریە گەشتمەوە ماڵەوە 3/2 ماوەی گەشتەکەم بە بلیت OK کرنەوە بەسەر برد، هەفتەیەم لە پشوی ساڵانەم بە فێڕۆ ڕۆشت. ا، توشی ماندووبوونێکی چاوەڕوان نەکراو بووم کەسیش دوای لێبوردنێکی لێمان نەکرد، هەفتەی دوواتر یەکێک لە هاوڕێکانمان هاتەوە هەمان بەسەرهاتی گێرایەوە لەوەش زیاتر جانتاکەی وون بووە تا ئێستا سۆراخی نیەو وەڵامێکیان پێ نەداوە کە دەبینرێتەوە یان نا، تەنها برادەرێکمان لەوێ ماوەتەوە ئەویش بۆ هەفتەیەکی تر 16. 02 OK ی کردبوو، کەچی ئەمڕۆ کە 14. 02. 2006 پێیان گووتووە کە 16ی مانگ جێگەت نیەو 23. 02 دەگەڕێیتەوە، هیوادارم کە بە ساغ و سەلامەتی بگاتەوە لامان، چاوەڕوان ناکەم کە لەئێمە باشتر بگاتە جێ هیوادارم کە خراپتری بەسەر نەیەت.

ئێوەش ئەگەر بە چەتە ئاسمانییەکانی ئاریا تراڤڵ ARYA TRAVEL سەفەرتان کرد ئاگاداری خۆتان بن من پێتان دەڵێم ئاریاتراڤڵ ARYA TRAVEL پێتان ناڵێت ئۆباڵی خۆتان بە ئەستۆی خۆتان، خوێنی خۆتان لەملی خۆتان. گرنگ بەسەلامەی گەشتنە ئیتر کێشەنیە کەی و چۆن دەگەیت و چیت بەسەر دێت.

15. 02. 2006

کۆمەڵێک لە سەرنشینانی گەشتی 19. 01. 2006 لەڕێگەی کۆمپانیای ARYA TRAVEL ئاریاترڤڵ، لە ئەمستەردامەوە بۆ هەولێر